پرسیار لە زمناکۆ عزیز:

- هاوڕێ زمناکۆ ئێوە وەک سکرتێری کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخرای کوردستانی حزب، پێتان وایە کە هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بەم حزبە هەیە؟ حزبی کوردستان جیاوازی چی دەبێت لەگەڵ ڕێکخراوی کوردستانی حزبی عێراق؟

**زمناکۆ عزیز:**

**سوپاس بۆ بەسەر کردنەوەکەتان‌و ماندووبوونی لەسەرجەم ستافی ئازیزی سایتی حزب ئەکەم.**

**قسەکردن لە پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی لە کوردستان، لەسەری مەسەلەیەکی بەوجۆرەوە نەهاتوە کە ئەگەر لەکوردستان کۆمۆنیستەکان حزبی خۆیان نەبێت ناتوانن خەباتکاری ڕێگای دامەزراندنی کۆمەلگایەکی سۆشیالیستی بن، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بەهەل‌و مەرجێکەوە هەیە کە ئێستا هەردوو کۆمەڵگای کوردستان‌و عێراق تیایدا گوزەران ئەکەن. ئەم دوو کۆمەڵگایە بەعەمەلی لەیەکتری جیابونەتەوەو قلشتی نێوانیان‌و هەل‌و مەرجی سیاسی ئێستا، ڕێگەی پێکەوەو لکاندن‌و دەمجکردن‌و پێکەوەژیانی داخستوەو ئەبێت لەکەناڵێکیترەوە ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە. جیاوازییەکانی نێوان ئەم دووکۆمەڵگایە لەسەرجەم ڕووەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و ئەمنیوەیەو ئەمانە هۆکارگەورەو ڕێگری سەرەکین لەبەردەم یەکگرتنەوەی ئەم دووکۆمەڵگایە کە نزیکەی دوو دەیەیە لەیەکتری دابڕاون‌و بەنارەسمی جیاکراونەتەوە.**

**ئەوەی کە ژمارەیەك دۆست پێیان وایە کە بوونی کورد لە سەرۆکایەتی کۆماری‌و هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد لە ناوەندەکانی بڕیاردان لەناوەند، وە تەنانەت هەبوونی ژمارەیەك لەخەڵکی عەرەب لەشارەکانی کوردستان، بیانویەکی کافیە بۆ ڕەتکردنەوەی مەسەلەی جیاوازی نێوان ئەم دووکۆمەڵگایە، بەبۆچونی من لێکدانەوەیەکی نادروستە. چونکە بەدرێژایی تەمەنی ڕژێمی بەعس ئەم حاڵەتانە هەر هەبوون‌و خەڵکانێك هەبوون کە لە ناوەندەکانی بڕیارداندا بوون‌و کوردیش بوون‌و پلەو پۆستی باڵاشیان هەبووە لە دەسەلات، بەڵام زەرەیەك نەیاتوانیوە لەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە خۆیان بدزنەوە کە هاولاتیانی کوردستان بەدەلیلی کوردبونیان بەهاوڵاتی پلە دوو بەحساب هاتوون، تەنانەت چەندین ئاماریش هەیە کە ڕێژەی هەبوونی خەڵکی عەرەب زمان لەناوچەکانی کوردستان کوردستان ئەسەلمێنێت‌و ئەم هەبوونەی ئەوان هەرگیز نەیکردوەتە ئەوەی کە کوردو عەرەب لەڕوانگەی ناسیونالیزمی عەرەبەوە یەکسان بن. بۆیە ئەم قسانەی کە وەك بەڵگە دەهێنرێنەوە بۆ نەبوونی جیاوازی نێوان ئەم دووکۆمەڵگایە، تەنها پاساوێکن و قازانجی ووتنیان ئەچێتە گیرفانی ئەوانەی کە لەلایەك ئەیانەوێ ئەو مافە لەخەڵکی کوردستان وەربگرنەوە کە بڕیاربدات لەسەر چارەنوسی خۆی‌و ئایندەی کوردستان، لەلایەکتریش ناسیونالیزمی کورد بەم قسانە ئەتوانێ لەسەر حسابی مافەکانی خەڵکی کوردستان، درێژە بەشەریك بوونی خۆی لەدەسەلات بدات‌و تاائایندەیەکی درێژتر لەسەر پرۆژەی سەرمایەگوزاری‌و خۆدەوڵەمەند کردنی بەردەوام بێت.**

**تەنانەت ئەو ڕایەی کە پێی وایە کە هەبوونی جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵگا کافی نیە کە حزبی کۆمۆنیستی لەسەر ئەساسی بێتە دروست بوون، بەبۆچونی من نەك هەر بیرکردنەوەیەکی درروست نادات بەدەستەوە، بەڵکو دیسانەوەی ئەیەوێ لەم ڕێگەیەوە ڕێگری بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەکوردستان پێك بهێنێت، ئەگینا ئەگەر ئەو بۆچونە ڕاست بوایەو جیاوازی نێوان دووکۆمەڵگا ڕێگر نەبێت بۆ هەبوونی یەك حزب، ئەوا پاش دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە سەرەتای دەیەی ڕابردوو، سەرجەم ئەو ڕێکخراو گروپ‌و کۆڕوکۆمەڵانەی کە لە کوردستانی عێراق خۆیان بەبەشێك لەو کۆمۆنیزمەی منصور حکمت ئەزانی، پێویستیان بەدروستکردنی حزبی عێراق**

نەئەکردو یەکسەر بەو حزبەی ئێرانەوە پەیوەست ئەبوون، خۆ ئەو کات دەوڵەتێك لەکوردستان لەئارادا نەمابوو کە بە یاسایەك ئەو کارە قەدەغەبکات. ئەی ئەم کارە بۆ نەکرا؟

یان ئەوتریێت کە ئەگەر جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵگا بکاتە زەرورەتی دامەزراندنی حزبی نوێ، ئەوا لەکوردستان ئەبێت حزبی هەولێرو سلێمانی، یان حزبی بادینان‌و سۆران‌و هەورامان...هتد دابمەرزێرێت، ئەمە ئیتر خوارترین ئاستە لە تێنەگەیشتن‌و هێنانە خوارەوەی باسەکەیە بۆ جێگەیەکی نەشیاو، چونکە ئەو جیاوازیەی کە لەنێوان هەولێرو سلێمانی، یان سۆران‌و بادینان‌و هەورامان، یان لەنێوان گەڕەکی بەختیاری و گەڕەکی خەبات لەسلێمانی دا هەیە، وەك ئەو جیاوازییە نیە کە لەنێوان کۆمەڵگای کوردستان‌و عێراقدا هەیە. جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵگا جیاوازی ئەخلاقی نیە، یان مەسەلەی عەدالەت‌و یەکسانیخوازی نیە، تەنانەت جیاوازی هەبوونی ئازادی‌و مافە فەردیەکان نیە لەنێوانیاندا. بەڵکو جیاوازییە لە هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری‌و فەرهەنگی. هەروەك چۆن ئێستا جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان نەجەف‌و ڕومادی‌داو کەسیش باسی حزبی تازەی بۆ هەرکام لەو دوو پارێزگایە نەرکردوە، یان ئەگەر بەشێوەیەکیتر بڵێم کە تائێستا کەس نەیبیستوە کە بزووتنەوەیەك هەبێت لەبادینان بۆ جیاکردنەوەی بادینان‌و پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، وەبۆ سۆران‌و هەورامانیش هەر وایە، وەئەگەر لەسبەی ڕۆژدا ئەم مەسەلەیە هاتە ئاراوەو لەئاکامی ئەمەدا کوشتار دروست بوو و قڵشتی پێکەوە ژیانی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەی خولْقاند، وەئەگەر ڕێگەیەك نەمایەوە بۆ چارەسەری گرفتەکە ئەوا ئەبێت بەهەمان پێوەری ئێستا مامەڵەی بکرێت. بۆ هەر جێگایەکتریش هەروایە، واتە ئەگەر سبەی هەرێمێکی شیعە وەك دەوڵەت لەناوەڕاست‌و باشووری عێراق زەمینەی دروستبوون‌و خۆجیاکردنەوەی خولْقاندو ئەمەی کردە ئەمری واقیع بەسەر کۆمەڵگاو چینی کرێکارو ئێمەو ناوەندە نێوەدەوڵەتەیەکاندا، ئەوا ئەبێت بۆ ئەو دەوڵەت تازە دامەزراوەش کۆمۆنیزمی کرێکاری بیر لەپێکهێنانی حزبی نوێ بۆ ئەو جغرافیایەش بکاتەوە.

بۆیە لەوەڵامی پرسیارەکەتاندا ئەڵێم بەڵی هەل‌ومەرجی ئێستای کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بەحزبی کۆکۆنیستی کرێکاری کوردستان هەیەو ئەبێت لەئێستاشدا مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکۆلارو غەیرەقەومی بکاتە یەکێك لە ستراتیژی خۆی.

سەبارەت بەجیاوازی ئەم حزبە نوێیە لەگەڵ ڕێکخراوی کوردستان هەرگیز قابیلی بەراورد کردن نیە، چونکە ڕێکخراوی کوردستان ئۆرگانی کوردستانی حزبێکە کە بۆ سەراسەری عێراق ستراتیژیەت‌و سیاسەت‌و تاکتیکی خۆی هەیە، ئەمەش وایکردوە کە ئەم ڕێکخراوە ئەبێت تەوجیهات‌و ڕێنمایی لە حزب‌و ڕابەرایەتیەکەی خۆی وەربگرێت‌و مولزەم بێت بە سەرجەم بڕیارو پەسەند کراوەکانیەوە. دیارە ئەمە وادەکات کە ژمارەیەك لە ڕابەری حزب لەکوردستان کە هاوکات ڕابەرایەتی حزبیشن مەسەلەکانی عێراقیش ببێتە مەشغەڵەیان‌و بەو هۆیەوە بەئەندازەی پێویست وەڵامدەرەوەی نیازەکانی حزب و خەڵك لەکوردستان نەبن. وە دەیان جیاوازی تر کە لەنێوان ڕێکخراوێکی حزبی‌و خودی حزبدا هەیە، بەڵام حزبی تازە لەکوردستان ئەسڵی کاری‌و تەواوی توانایی خۆی بۆ مەسەلەی کوردستان تەرخان ئەکات، ئەمە ئەو بوارە بۆ خەڵکیش ئەکاتەوە کە زیاتر بەباس‌و بەسیاسەت‌و بەرنامەکانی حەساستر بن‌و زیاتر پرۆژەکەی بەبەشێك لە ژیانی خۆیان بزانن. کەحەتمەن لەداهاتوودا لەسەر ئەم مەسەلەی دووەم قسەو باسی زیاتری لەسەر ئەکەین.